# ئەگەر لۆزانی ٢٠٠٣ پێشنیاز بکرێ، کورد دەڵێ چی؟

سیروان کاروانی

مێژووی چوونە ناو سیاسەتەوەی کورد و خەباتی بۆ ئازادی و سەرفرازی لەو ڕێگایەوە هێندە دوورە، کە سەختە بتوانرێ وەخت و سەردەمێکی ئەوتۆی بۆ دەستنیشان بکرێ. کورد، لەوەتای هەیە، بە زۆر شێوازی جۆراوجۆرەوە خەڵکی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە و شۆڕشی کردووە و ڕووبارێک خوێنی لە پێناودا ڕشتووە. ئەوەی جێگای داخ بووە لەو مێژووە دووروودرێژەدا، ئەوەیە کە کورد لە مەیدانی کاری سیاسییدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە و، بەمەش چالێکی بۆ گیانی شۆڕش و بزوتنەوە ئازادیخوازییەکانی خۆی هەڵکەندووە. هەناسەی زۆربەی هەرە زۆری شۆڕشەکانی کورد ڕاستەوخۆ لە لایەن تورکەکانەوە خنکێنراون، یاخود تورک بە جۆرێکی تر دەستیان لە لەناوبردنیاندا بووە. تورکەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ خوارووی ئافریکا شەڕی کورد دەکەن و، دەبن بە وشکەساڵ بۆ سەرنگومکردن و لەبەینبردنی زاد و کوولتووری کورد. تورکەکان لە دیمەندا، خۆیان وەک خاوەن سیستەمێکی پڕ لە گیانی ئازادیخوازی و پێکهێنەری یەکسانی و تەبایی دێتە پێش چاو و تەنانەت مافی ئەندامێتی لە خێزانی یەکێتیی ئەورووپا بۆ خۆیان بە ڕەوا دەزانن، گەرچی لە ناخیشدا، ئەوەی ئەوان بیری لێ دەکەنەوە، بە تایبەت بەو نیگایەی دەیڕواننە مرۆڤی کورد، بە ڕێژەی هیچ لەگەڵ سەردەمی ئێستادا یەک ناگرێتەوە.

ئەو دەرگایەی ئەمڕۆ، کە لە ئەنجامی خەیاڵفرێوی بەعس و نیازخراپیی داروودەستەکەی لە بەشێکی خاکی نیشتیماندا کراوەتەوە، بە هەمان شێوە تورک دەیەوێ ببێتە وشکەساڵی و ڕیشەی وشک بکات. لە تەنانەت یاسای جەنگەڵ و فەرهەنگی هیچ کام لە ڕژێمە دەستەڵاتدارەکانی تری سەردەمی ئەمڕۆدا نییە، کە بەو شێوەیەی ڕژێمی دەستەڵاتدار لە تورکیا بیردەکەنەوە، هەڵسوکەوت بکەن. تورکیایەک کە پاش ٨٠ ساڵ ناتوانێ هاونیشتیمانییانی خۆی لە برسێتی بپارێزێ و گەداکانی کوچە و کۆڵانەکانی شارەکانی کەم بکاتەوە، هێشتا لەسەر ئەو توندڕەوییە بەردەوامە کە شەڕی گەلێک کە لە هەر شوێنێکی جیهاندا هەبن، ڕابگەیەنێ.

لەگەڵ ناتۆرەی پەیمانی لۆزان کە لە ٢٤ی کانوونی ساڵی ١٩٢٣دا مۆر کرا، تورکەکان کەوتنە دژایەتیی تەواوی گەلی کورد بە تایبەت لەو بەشەدا کە خۆیان دەستەڵاتی تەواویان بەسەردا دەشکا. تورکەکان هێندە دڕندانە کەوتنە لەناوبردن و تەفروتوناکردنی گەلێکی گەورەی وەک کورد، کە زۆر سانایی لەسەر تەنها وشەیەک مەرگی مرۆڤێکی ئەو خەڵکەیان پێشان دەدا.

دەستەڵاتدارە بێبەزەییەکانی تورک هێندە زۆر چوونە ناو قووڵاییی گێژاوی گۆمی دژ بە مرۆڤایەتی و ئازادیخوازییەوە، کە بە هەموو هەستی نامرۆڤانەی خۆیانەوە بڕیاری ئەوەیان دا، کورد لەناو ببەن و تەنانەت لە فەرهەنگدا نەیهێڵن.

تورکەکان، سەرەتا پەیمانێکیان لەگەڵ فەرەنسادا مۆر کرد بەو مەرجەی کە فەرەنسا هاوار و دادوناڵەی کوردەکان نەبیسێ، یاخود گوێی خۆی لێ کەڕ بکا و، بە هیچ جۆرێک بە ناوی بەدەنگەوەهاتن لەژێر دروشمی مرۆڤانە و لەو شێوەیە، یاخود بە مەبەستی لەسەرکردنەوە نەیەتە پێشەوە. لە لایەکی ترەوە، هەر تورکیا توانیی لۆرد کرزۆن-ی وەزیری دەرەوەی ئینگلیزەکان کە پێشتر سەرۆکی کۆمیتەی لۆزان بوو، بۆ خۆی ڕاکێشا و بە دانی مووسڵ باوەڕی پێ هێنا کە ئەمانیش وەکوو فەرەنساییەکان خۆیان لە قەرەی کاری مرۆڤانەو دادپەروەرانە نەدەن و لە ئاستی

www.kurdistannet.org
19-4-2003 22:04

بێبەزەییی تورکەکان کڕ بن. شایانی باسە، کە لۆرد کرۆزن پێشتر داوای ماڧ کوردەکانی کردبوو لە کۆمیتەکەیدا و بەمەش تورکیا بە چاوێکی تایبەت بەو کابرایە دەیڕوانی.

یەکێک لەو ڕووداوانەی کە پاش پەیمانی لۆزان بوو، زیاتر لە بیست هەزار کورد کەوتنە بەر کۆمارەکانی شوورەویی ئەودەم کە ڕەوشیان تا ڕادەیەک لە کوردی شوێنەکانی تر جیاوازتر بوو، بەوەی کە ئازادییەکییان لە بەکارهێنانی زمانی زگماکی و هەستی کوردایەتی هەبوو. تورکیا ئەم کارەی پێ خۆش بوو و بە سەرکەوتنێک تێیڕوانی، چونکە لە خەیاڵی تورکەکان وابوو، کە ئەو ژمارە کوردە لەناو نەتەوەکانی تردا دەتوێنەوە و ئەمیش دەتوانێت لە داهاتوودا پەرە بە ڕەفتاری لەو جۆرە بدات.

تورکیا کە لایەنە دەرەکییەکانی باوەڕ پێ هێنا و هەموو دەروازەکانی سەبارەت بە مەسەلەی کورد داخست، هەوڵی دا سیستەمێکی وا بێنێتە کایەوە، کە بە توندترین شێوە کوردەکان ئازار بدا و، ئەوەشی زامن کردبوو کە کەسێک لەسەریان هەڵنادا، بۆیە هەرچی بە کولتووری کوردەوە پەیوەست بوو، لەبەینی چوواند، زمانی کوردیی قەدەغە کرد، جلوبەرگی کوردیی نەهێشت، ناو و شوێنەوارە کوردییەکانی سڕییەوە و ناوی تورکیی لێیان نا، کەسانی ناودار و هەستیارانی کوردی پەڕەوازەی شوێنەکانی تری جیهان کرد و، ئیتر لەسەر ئەو ڕێبازە بەردەوام بوو هەتا بەرهەڵستییەکی نوێی کوردان دژ بە تورکان سەری هەڵدا. سەرەتای شۆڕش لە شێخ سەعیدی کلدار و میرالای خالیدبەگی جبرانلی و لە دێی کلدار دەستی پێکرد.



شەهیدی ڕێی نیشتمان
شێخ سەعیدی شێخ مەحمودی کلدار
١٨٦٨ز - ١٩٢٥ز

شێخ سەعید، کوڕی شێخ مەحموودی کلدارە و لە ساڵی ١٢٨٥ی هیجری هەر لە دێی کلدار هاتۆتە دنیاوە. ئەم شێخە لە تەریقەتی نەقشبەندییە و، ئەوسا ١٢٠٠٠ مریدی هەبوو.

خالیدبەگی جبرانلی-ش میرالایی بووە و لە لەشکری تورک و لەبەر هەوای نیشتیمان و جەوری تورکەکان هەڵات و کەوتە کۆڕی ئازادکردنی کوردستانی گەورە و لە پاشاندا بە هۆی تورکەکانەوە کوژرا*.

ئاگری ئەم شۆڕشەش، هەر بە هۆی فێڵبازیی تورکەکانەوە کوژایەوە و دواتر بە

له لەسێدارەدانی شێخ سەعید و یوسف زیا له مێژووی ڕاپەڕینی کورد، مامۆستا عەلائەددین سەججادی-یەوە وەرگیراوە

پاشا و ٥١ کەسی تر لە گەورەکانی کورد کۆتاییی هات. پاش دامرکاندنەوەی ئاگری ئەم شۆڕشە، تەنانەت تورکەکان لە تاکەوە بۆ کۆمەڵ کۆمەڵ دەستیان بە گواستنەوەی کوردەکان کرد و، ئەمیش هەر مایەپوچ دەرچوو.

لە دوای ساڵێک کوردەکان لەبەر زوڵمی تورکەکان، دەستیان بە گردبوونەوە لە دەوری یەکتردا کرد و لە ١٩٢٧دا، کۆمیتەیەکیان پێکهێنا، کە لە کوردە خوێنگەرمەکانی کۆمەڵەی خۆیبوون بوون و ڕێبازەکەیان لە چەند خاڵێکی گرنگ و پڕ لە ناوەڕۆکدا ڕوون کردەوە.

www.kurdistannet.org
19-4-2003 22:04

ئەم کۆمەڵەیە، هەوڵ و کۆششەکانی تورکی جارێکی تر پووچەڵ کردەوە، تەنانەت لق و پۆیان ئەورووپاشی گرتەوە و فەرماندەیی گشتیی لەشکر درایە دەست ئیحسان نووری پاشا و کێوی داغ بوو بە ناوەندی گشتی و ئەوە بوو، لە مارتی ١٩٣٠دا، لە نێوان تورک و کورددا، شۆڕش تەقییەوە.

هەر لە ساڵی ١٩٢٧دا، لە کاتێکدا کە دوو ساڵی پێش، تورکەکان شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥یان تێکشکاندبوو، کوردەکان کۆمەڵی "خۆیبوون"یان لە بەیرووت بە سەرۆکایەتیی جەلادەت بەدرخان دامەزراند، ئەمە بەو مەبەستەی کە لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا بتوانن کوردستانێکی ئازاد بێننە کایەوە.

جگە لەمە، سەرەڕای شەڕوشۆڕەی زۆر، کورد و ئەرمەنی چەندین جاری تر ڕێککەوتنیان بووە و دژی تورکەکان کۆشاون بۆ نموونە: شەریف پاشای نوێنەری کورد و بوغوس نەوبارپاشای ئەرمەنی لە ١٩١٨دا لە ڤەرسای یەکیان گرت و پێکەوە دژی تورکەکان جەنگین.

لە کانوونی دووەمی ١٩٢٧دا، تورکەکان لە وڵاتی تورکیای داگیرکەر، سەرەڕای بیری داگیرکەری و چەوسێنەرانەیان بەرانبەر بە گەلی کورد، دەستوورێکی نوێیان بۆ زیاتر بە تورککردنی کورد هێنایە کایەوە. تورکەکان لە مێژووی تەواوی ئیپراتۆرییەتەکەیاندا، هیچ وەخت هەڵوێستی داگیرکەری و توندڕەویی خۆیان دژ بە کوردەکان نەشاردۆتەوە و، ئێستاش پاش ماوەیەکی ئێجگار درێژ، دەبینین کە ئەو بیرە نامرۆڤانە و ڕەگەزپەرستییەیان زیاتر دژ بە ویست و ئارەزووەکانی گەلی کورد درێژە پێ دەدەن و لەم میانەشدا شەرم ناناسن.



ئیحسان نوری پاشا
سەرۆکی جەنگی ئاگری

دەرسیمییەکان زۆر بە توندی بەرانبەر بە ئەو هەنگاونانە پڕ لە مەترسییەی تورکەکان وەستانەوە و لە هەموو لایەکی ئەو هەرێمەدا ناڕەزایی دژ بە تورکەکان بەرز بووەوە. تورکەکان هەڵسان بە هەنگاوێکی مەترسیدارتر و بێبەزەییانەتر، بەوەی کە کەسایەتییە کوردییەکانی دەرسیم-یان لە ژیان کرد و هەر لەو ڕێگایەوەش بە پاڵپشتی ئاگر و ئاسن درێژەیان بە دەستوورەکەیان دا. دەرسیمییەکان، لەجیاتیی ئەوە، دەستیان بە جووڵانەوە کرد و لە زۆر شوێندا پەلاماری چەکدارە تورکەکانیان دا و شەڕ و ئاژاوە هەرێمەکەی گرتەوە. سوپای تورک هەر لەو ساڵەدا، کەوتە گیانی خەڵکی کورد لەو هەرێمەدا و پاش کوشتنی خەڵکێکی زۆری کورد کە تا ساڵێک بەردەوام بوو، تورکەکان بەسەر دەرسیمییەکاندا زاڵ بوون و، جووڵانەوەی کوردەکانیان لەوێش لەبەین برد. لە پاش دواییپێهێنانی بزووتنەوەی دەرسیمییەکان، جەلال بایەر-ی تورکەکان بە دەورووبەری ڕاگەیاند کە کورد لە وڵاتی تورکیادا بوونیان نییە و، ئەوانەش کە بەو ڕەنگە خۆ دەردەخەن، تورکی چیایین.

بەر لەوەی موستەفا کەمالی تورک کورسیی زۆرداری لەو وڵاتەدا دەست بە سەردا بگرێ و یۆنانییەکان لە ئەزمیر تەفروتونا بکات و پەرەوازەیان بکات، وای لە کوردەکان گەیاند کە سەربەخۆییی خۆیان وەدەست دێنن و لەوێ بەدواوە ئاسوودە دەژین. بەڵام هەر لە دوای هاتنەسەر دەستەڵات و گرتنی یەگجارەکیی جڵەوی ئەو وڵاتە، ئیتر لە ١٩٢٣دا، بە زمانی تەور لەگەڵ کوردەکاندا دوا و نامرۆڤانەترین ئاکاری لەگەڵیاندا پەیرەو کرد و بێبەزەییانە کەوتە گیانی خەڵکی کورد. موستەفا کەمال لەسەر ئەو ئاکارەی بەردەوام بوو و، لە ١٩٣٧دا، سیاسەتی نارەوای بەرانبەر بە کورد گەیشتە قۆناغێکی دڕندانەتر. لە دەرسیم–دا، کوردەکانی بە هێزی شمشێر بەرەو ئەنادۆل و وڵاتانی رۆژئاوا پاڵ پێوە نا و ئەوە بوو، شۆڕشەکەی سەید رەزای دەرسیم–ی لە ئەنجامی ئەو تاوانانەدا بەرپا بوو.

دەسەڵاتدارانی تورکیا، ئەو هەوڵانەیان بۆ قەڵاچۆکردنی گەلێک لەلا کەم بوو و، بیریان لە بەرنامەیەکی تەوردارتر کردەوە بۆ بڕینی رەگوڕیشەی کورد، بۆیە کەمالیستەکان لەگەڵ ئێرانییەکان و عێراقییەکانی ئەوسا لە ١٩٣٨دا، پەیمانی سەعدئاباد–یان بۆ لەناوبردنی گەلی کورد دامەزراند و تا ساڵی ١٩٥٥ بە پۆخڵی بەردەوام بوو.

ئەمانە و زۆر رووداوی دڵتەزێنی تر لە مێژووی خەباتی کورددا، ئەوەمان بۆ چەند پات دەکەنەوە کە شۆڕشەکانی کورد لە لایەنی سەربازی و خۆڕاگرییەوە، زۆر پشتئەستوورن و باوەڕیان بە خۆیانە، چونکە خاوەنی رۆڵەی قارەمان و جەربەزەی وان کە هەر کوردگوتەنی: "لە چاوی مار ناگەڕێنەوە". بەڵام هەر کە لایەنی سیاسەت و بە دوایدا گفتوگۆ دێتە پێشەوە، نوشوستی دێنن.

شتێک لای سیاسەتمەداران روون و ئاشکرایە، کە بەر لە دەستپێکردن و ئەنجامدانی کارێک بە هاوکاریی لایەنی تردا، هێندەی بلوێ لایەنی بۆچوونانەی خۆیان دەستەبەر دەکەن و، بەو شێوەیەش هەر لە سەرەتاوە نیوەی سەرکەوتن بۆ داهاتووی خۆیان مسۆگەر دەکەن. زۆر جار وا رووی داوە، کورد دەستی بە کارێکی لەو جۆرە کردووە و بەشی زۆری قوربانییەکانیشی داوە، کەچی هێندە خۆشباوەڕانە بەشداریی تێدا کردووە کە پێش ئەنجامدانی کارەکانی، هیچ دەستەبەرییەکی شک نەبردووە بۆیە دواییش بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ چارەنووسیدا کردووە.

تۆ بڵێی لەم سەردەمەشدا، کە رەنگبێ رێککەوتننامەیەکی لەو شێوانە بێتە کایەوە، کورد بتوانێ مەرجەکانی خۆی بسەپێنێ و، داوای سنوورێک بۆ ئەو پارچە ئازادە بکات کە لە سەری دەژی؟ خۆ ئەو ئازادییەی لە سنووری خوارووی کوردستان هەیە و دواییش نازانرێ چۆن دەبێ؛ لەژێر هەر ناوێکدا بێت، ئەوا ماف سنووری دیاریکراوی خۆی هەیە.

18/04/2003

* مێژووی راپەڕینی کورد ل٣٦، عەلائەددین سەججادی.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.